باڤێ تاڵەبانی و مەسرور بارزانی بۆ گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کۆبوونەوە



هێشیار زێباری، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەژماری خۆی رایگەیاندووە، دوێنێ چوارشەممە، مەسرور بارزانی، جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی و باڤێ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی کۆبوونەتەوە.

هێشیار زێباری ئاماژە بەوە دەکات، "کۆبوونەوەکە بە ئارامی بەڕێوەچوو و ڕاشکاوانە بوو".

هەروەها دەشڵێت، ئەم کۆبوونەوەیە پێویستیدار بوو بۆ گفتوگۆکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لە کاتێکی نزیکدا.